# منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری لە پەرەسەندندایە



**بەپێی دوایین ئاماری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە چوار ئافرەت یەکێکیان بە نەشتەرگەری و ئەوانی دیکە بە ڕێگەی سروشتی منداڵیان دەبێت. ئەگەرچی پزیشکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر شێوازی منداڵبوون هەیە، لەسەر هەندێک لە خاڵە باش و خراپەکانی هەردوو شێوازەکەش کۆکن، بەڵام بەگشتی زانستی پزیشکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە منداڵبوون بە ڕێگەی نەشتەرگەری زیانەکانی لە سوودەکانی زۆرترە، چونکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی چیتر ژنان نەتوانن بە ڕێگەی سروشتی منداڵیان ببێت، لە کاتێکدا ئافرەتان بەگشتی دەتوانن بەشێوازی سروشتی منداڵیان ببێت، بێجگە لە هەندێک حاڵەتی تایبەت نەبێت، کە تێیدا پزیشکان بڕیاردەدەن بۆ سەلامەتی کۆرپەلە و دایک بەشێوازی نەشتەرگەری منداڵەکە لەدایک ببێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ بابەتەکە هەیە.**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

«خواستی هاوسەرەکەم وابوو، لە کاتی منداڵبوون نەشتەرگەری ئەنجام بدەم، خۆمیش لەبەر ئازار دەمویست بە ڕێگەی نەشتەرگەری بێت، بەڵام کە هاوسەرەکەمیش داوایکرد، بێ دودڵی نەشتەرگەریم بۆ لە دایکبوونی منداڵەکەمان کرد.» ئەوە قسەی باخان کەمال بوو. ئەو خاتوونە وەك خۆی باسیکرد لەو نەشتەرگەرییەی ئەنجامی داوە، پەشیمانەو لەبارەی هۆکارەکەشی دەڵێت: «چونکە لە کوردستان کەرتی تەندروستی و بەتایبەتی بەشی لەدایکبوون لەوپەڕی خراپیدایەو بەشێوەیەکە تەنانەت بەڕێوەبەرەکانیشیان باوەڕیان بە نەخۆشخانەکانی خۆیان و حکومەت نییە، نموونەی ئەوەش گیان لەدەستدانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەولێر بوو، کە تەنانەت لە نەخۆشخانەی تایبەتیش رزگاری نەبوو.»

**بەپێی توێژینەوەیەکی فەرەنسی ئەو دایکانەی کە بە نەشتەرگەری منداڵیان دەبێت، سێجار زیاتر ئەگەری مردنیان هەیە وەک لەو دایکانەی کە بەسروشتی منداڵیان دەبێت**

شیوەن شێرزاد چالاکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنییە و وەك خۆی باسیکرد سێ جار نەشتەرگەری منداڵبوونی بۆ ئەنجامدراوەو هەر لەوبارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر ژنێك بە سروشتی منداڵی نەبێت، بێگومان ئەو ژنە کێشەیەکی فیزیکی هەیە، بۆیە ناتوانێ بە سروشتی منداڵ بێنێتەدنیا، بەڵام تاوەکو ئێستا ژنان ئەو پرسیارە ناکەن کە ئایا نەشتەرگەری ئەگەرێکی حەتمییە، یان نا، دکتۆرەکانیش بۆ ناوبانگ و زیاترکردنی ئەزموونەکانیان ژنان دەخەنە ژێر نەشتەرگەری، بەڵگەش ئەوەیە بەشی هەرە زۆری ژنان لە نەخۆشخانە تایبەتەکان نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێ، نەك لە نەخۆشخانە حکومییەکان. خۆم یەکەم منداڵم لەدەست دا، پاش ئەوەی نەشتەرگەریم بۆ کرا. دکتۆرێکی شارەزا و پسپۆڕیش جەختی لەوە کردەوە کە منداڵکەم سییەکانی پاك نەکراوەتەوە، بۆیە نەژیاوە، بەڵام بەڵگەی تەواومان نەبوو بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی بگرینەبەر.» گوتیشی: «بەنج کردن و بەنج وەرگرتن هەرخۆی زەرەری زۆرە، هەم بۆ دایك و هەم بۆ منداڵیش، تێکچوونی باری دەروونیی ژن لەکاتی چوونی بۆ ژووری نەشتەرگەری کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر خۆی و کۆرپەلەکەی جێدەهێڵێت، هەروەها نەجووڵانەوی پێویست دوای نەشتەرگەری و بەکارهێنانی دەرمانی تایبەت بۆ پاككردنەوەی برین و ئەستووربوونی سك و پشت ئێشە و هەستکردنی ژن بە کەموکورتی کەوا ناتوانێت وەك ژنانی دیکە بەسروشتی منداڵ بێنێتە دونیا، لە زیانەکانی ئەو جۆرە نەشتەرگەرییانەن، وێڕای ئەوەی کە هاوسەر و ئەندامانی خێزان زۆر نیگەران و ماندوو دەبن، سەرباری ئەوەی خەرجییەکی یەکجار زۆریش دەکەوێتە سەر میزانییەی ماڵ، هەموو ئەوانە ژن بێتاقەت دەکەن، خۆم سێ جار نەشتەرگەریم بۆکراوەو هەر سێ جارەکەش تووشی ئەو حاڵەتانە بووم. دکتۆرەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە نەشتەرگەری یەکەمین جارم هەڵەی دکتۆر بووە، بۆیە هیچ کات ناتوانم بەسروشتی منداڵ بێنمە

**هۆکاری ئابووری و زۆریی نەخوشخانە تایبەتەکان و ڕێکەوتنی دکتۆرەکان لەگەڵ ئەو نەخوشخانانە، هەروەها زۆرجار بە قۆرخکردنی سەربەخۆیی داهاتی ئافرەتان، هەووەها لەو حاڵەتانەشدا باری دەروونیی ئافرەت ناجێگیرە و ئەووەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی پەنا بۆ نەشتەرگەری ببات**

دنیا، هەروەها بە نەشتەرگەری ئافرەت شانسی ئەوەی کەم دەکاتەوە کە زیاتر لە سێ منداڵ بێنێتە دنیا. بۆیە پێویستە بەدواداچوونی جددی بکرێت کە ئەم هەموو نەشتەرگەرییە بۆ چییە و دکتۆرەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ و نەشتەرگەری زیاتر لە نەخۆشخانە حکومییەکان بکرێ، بۆ ئەوەی لە قاڵبی بازرگانی دەربچێت، ئەوکات دکتۆرەکانیش ژنان ناترسێنن بەوەی کە دەبێ و پێویستە نەشتەرگەرییان بۆ بکرێت.»

د. کەژاڵ حامید پسپۆری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون، سەرەتا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە «منداڵبوونی سروشتی سوودی هەم بۆ دایك و هەم بۆ کۆرپەلە هەیە و منداڵەکە لە کات و ساتی خۆیدا لە دایك دەبێت، بەڵام ئەگەر بە نەشتەرگەری بێت، پێویست دەکات یەك دوو هەفتە پێش کاتی خۆی دەربهێنرێت، ئەوکات ئەگەری ئەوە هەیە، منداڵەکە تووشی ناکامی یان تووشی گرفتی هەناسەدان بێت بەهۆی باش دروست نەبوونی سییەکانی.» گوتیشی: «لەکاتی منداڵبوونی سروشتی لەشی دایك جۆرە بەکتریایەك دەردەدات کە سوودێکی زۆری بۆ کۆرپەلەکە هەیە و مەناعەی بەهێز دەکات، هەروەها هۆرمۆنێك لە ناو وێلداش و ناوکە پەتك هەیە کە پێی دەڵێن هۆرمۆنی هەستکردن بە خۆشی لەکاتی منداڵبوونی سروشتی کە جەستەی دایکەکە دەریدەدات، وادەکات منداڵەکە لەگەڵ دۆخی دەوروبەری بە باشترین شێوە بگونجێت، ئەوانەش لەکاتی لەدایکبوون بە نەشتەرگەری روونادەن. تەنانەت بەپێی توێژینەوەیەکی ئەوروپی دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی بە رێگەی سروشتی لەدایك دەبوون بە رێژەی ٢٠٪ ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشی شەکرە کەمترە لەو منداڵانەی کە بە نەشتەرگەری لەدایك دەبن. هەروەها منداڵبوون بە نەشتەرگەری برینی گەورە لەسەر سك دروست دەکات کە ئاسەواری بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە، ئێمە ئەو قسانە هەمەوو بە نەخۆش دەڵێین، بەڵام بەداخەوە نەشتەرگەری بۆتە عادەت و چاولێکەری، زۆربەی ئەو ژنانەش کە نەشتەرگەری بۆ منداڵبوون ئەنجام دەدەن، هۆکارەکەی ئەوە بووە، کە دووربکەونەوە لە ئازار، بەڵام ئازاری نەشتەرگەری دوای منداڵبوون هیچی لە ئازاری منداڵبوون بە سروشتی کەمتر نییە، هەندێك لە پیاوانیش بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە.»

د. کەژاڵ حامید ئەوەشی دووپات کردەوە کە «لەگەڵ ئەوەی منداڵبوونی سروشتی ئازاربەخشترە بۆ دایکان، بەڵام بەگشتی دایکەکە کەمتر لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و ماوەی چاکبوونەوەی تەواویشی کورتترە بە بەراورد بە نەشتەرگەری. هەروەها بەدوور دەبێت لە زیانە لاوەکییەکانی نەشتەرگەری، وەك خوێنبەربوون، هەوکردن و وەڵامی جەستەیان بۆ سڕکردن و ئازارە زۆرەکەی کە دواتر دوچاری دەبنەوە.» گوتیشی: «ئەو ئافرەتانەی کە نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێت، بەشێوەیەکی گشتی دەبێت بۆ ماوەی نزیکەی هەفتەیەك لە نێو جێگەدا بمێننەوە، هەروەها ماوەی چاکبوونەوەی تەواویشیان درێژخایەنترە لەو دایکانەی کە بەسروشتی منداڵیان دەبێت، بەو هۆیەشەوە زۆرکات ئەگەری درەنگتر شیردانیان زیاتر دەبێت، ئەو منداڵانەی بە نەشتەرگەری لەدایك دەبن لە خواردنی شیری دایکیان کە پێی دەوترێت ژەك بێبەش دەبن، بەهۆی ئەوەی دایکەکە نەشتەرگەری بۆکراوە و ناتوانێ شیری پێ بدات .»

گوڵاڵە پشدەری پەرستار و شارەزا لە بواری پزیشکی، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «نەشتەرگەری لە یەك حاڵەتدا چارەسەرییەکی باشە کە ئەگەر منداڵ بە رێگەی سروشتی نەتوانرێت بهێنرێتە دنیا، ئەو رێگەیەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە کۆرپەکە باش گەشە نەکات. جاران ئەگەر کۆرپەلە سەرێکی گەورەی هەبووایە، ئەوە منداڵەکەش و دایکەکەش دەکەوتنە مەرسییەوە و زۆر جاریش هەردووکیان دەمردن، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو پێشکەوتنە پزیشکییانە و ئەنجامدانی نەشتەرگەری سیزاریان، گیان لەدەستدانی دایك لەکاتی منداڵبوون بە رادەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە، ئەم دەستکەوتەش لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە رووی زانستی پزیشکییەوە بە باشی تەماشا دەکرێت. ئێستا، بە رێگەی کردنەوەی سك منداڵبوون ئاسانتر بووە، رێژەکەشی لە زیادبووندایە. لە توێژینەوەیەك کە لە لایەن زانکۆی ڤییەنا کراوە، هێما بۆ ئەوە کراوە کە ئەو رێگەیە بۆ رزگارکردنی کۆرپەلە و دایك باشە، بەڵام کاریگەریشی هەیە لەسەر توخمەگەشەو لەوانەیە لەسەر کێشەی قەڵەویی منداڵەکەو سستکاری مێشکی کاریگەر نەرێنی هەبێت، بۆیە دەزگای تەندروستی جیهانی لەوبارەوە نیگەرانەو دەیەوێ رێژەکەی کەمتر لە ١٥٪ بێت. هەروەها لە زانکۆی هارڤارد توێژینیەوەی زانستی لەوبارەوە کراوە، لە لایەن ٢٢ هەزار کەسی پسپۆڕ لە ماوەی ١٦ ساڵدا و دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی کە بە رێگەی کردنەوەی سك لەدایك دەبن، ئەگەری قەڵەوییان زۆرە. ئەو ژنانەی کە بە سککردنەوە منداڵیان دەبێت، ئەگەری ئەوەیان هەیە کە تووشی نەشتەرگەری گەورەی سك ببن، واتە لەوانەشە منداڵدانیان تووشی گرفت بێت و لەدەستی بدەن. ئەوە یەکێکە لە نیشانەکانی منداڵبوون بە نەشتەرگەری، یان بە کردنەوەی سك، زانکۆی UMC Leiden بە توێژینەوەی زانستی ئەوەی خستۆتەروو کە لەوانەیە کاتی دەرهێنانی منداڵ بە نەشتەرگەری، منداڵدانی دایکەکە بتەقێ، یان دواتر تووشی خوێنبەربوون، یاخود خوێنبەربوونی ناوەکی ببێت. توێژینەوەکەش بەمجۆرە مەترسییەکان بۆ دایك و کۆرپەکەی دەخاتەڕوو، کاتی دایك بە نەشتەرگەری منداڵی دەبێت.

بۆ کۆرپەلە:

١- کێشەی قەڵەوی.

**ئەو منداڵانەی بە رێگەی سروشتی لەدایك دەبوون بە رێژەی ٢٠٪ ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشی شەکرە کەمترە لەو منداڵانەی کە بە نەشتەرگەری لەدایك دەبن**

**لەکاتی منداڵبوونی سروشتی لەشی دایك جۆرە بەکتریایەك دەردەدات کە سوودێکی زۆری بۆ کۆرپەلەکە هەیە و مەناعەی بەهێز دەکات**

**پێویستە بەدواداچوونی جددی بکرێت و دکتۆرەکان بخرێنە ژێر کۆنترۆڵ و نەشتەرگەری زیاتر لە نەخۆشخانە حکومییەکان بکرێ، بۆ ئەوەی لە قاڵبی تیجارەت دەربچێت، ئەوکات دکتۆرەکانیش ئەگەر زۆر پێویست نەبێت هانی نەشتەرگەری نادەن**



٢- دواکەوتەیی لە گەشەی مێشکدا.
٣- کێشەی کۆئەندامی هەناسە.
٤- کاریگەری نەرێنی بێهۆشی.
بۆ دایك:
١- لەدەستدانی منداڵدان.
٢-خوێنبەربوون و مردن.
٣- نەزۆکی دوای سککردنەوەی، بە هۆی ئەوەی کاتێ نەشتەرگەری لەوانەیە زیان بە هێلکەدانەکان و بۆڕییەکانیشی بگات .
٤- دەبێت دوو تا ٤ ساڵ دووگیان نەبێتەوە.
٥- منداڵی داهاتووشی، لەوانەیە نەکرێ بە رێگەی سروشتی بیت.

شیلان بیبانی شرۆڤەکاری ئابووری و ماستەر لە کارگێڕی کار، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لەم وڵاتەدا کاتێك تەکنەلۆژیا بەرەوپێش چوو، بەمەش دەرفەتی جیاواز سەری هەڵدا، واتە پێشتر بەهۆی کەمیی نەخۆشخانەی تایبەت و سادەیی بیرو بۆچوون، ئافرەتان زیاتر روویان لە نەخۆشخانەی حکوومی دەکرد، بەڵام لە ئێستادا هەڵبژاردەکان زۆرن و منداڵبوون بووەتە شتێکی ئیختیاری، واتە لە رووی تەندروستی هیچ لێکدانەوەی بۆ ناکرێت، تەنیا لە رووی ئەوەیە کە ئافرەتەکە دەڵێت نەشتەرگەری هەڵدەبژێرم، هۆکاری ئابووری و زۆریی نەخوشخانە تایبەتەکان و رێکەوتنی دکتۆرەکان لەگەڵ ئەو نەخوشخانانە، هەروەها زۆرجار بە قۆرخکردنی سەربەخۆیی داهاتی ئافرەتان، هانیان دەدەن نەشتەرگەری بکەن، لەو حاڵەتانەشدا باری دەروونیی ئافرەت ناجێگیرە و ئەوەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی پەنا بۆ نەشتەرگەری ببات.
دکتۆرەکان لە پێشوودا تەنیا لە کاتی زۆر مەترسیدار روویان لە نەشتەرگەری دەکرد، ئێستا بووەتە مۆدیل و وەك هەموو کاڵا و کڕینێك مامەڵەی پێوە دەکرێت، کەواتە ئەمانە جگە لە کێشەی تەندروستی بەهەدەردانی داهاتە، لە رووی ئابوورییەوە کاتێك تاك لە بیرۆکەی بە هەدەردانی لاواز بێت، ئەوا دوچاری زیانی مادی دەبێت، منداڵبوون لە مەسەلەی مرۆڤایەتی دەرچووە بۆ قاڵبی بازرگانی .

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی مردنی ژنان بەهۆی نەشتەرگەری ١،٨ جار زیاترە لە مردنی دایك لەکاتی منداڵبووندا بەشێوەی ئاسایی، بەشێوەیەك لە ٧٣٧ ئافرەت، نۆ ئافرەتیان لە کاتی نەشتەرگەریدا مردوون، بەڵام لەکۆی ٩١٣٣ ئافرەت کە بەشێوەی سروشتی منداڵیان بووە ٤٩ ئافرەتیان مردوون.
لە ٦٠ ساڵ پێش ئێستادا، لە ناو ١٠٠٠ منداڵ کە لە دایك دەبوون، ٣٠ منداڵیان قەباری سەریان گەورەتربووە لە قەبارەی ئاسایی، بەڵام بەپێی نوێترین لێکۆلینەوەکان لە ئێستادا لە ١٠٠٠ منداڵی لە دایك بوو، ٣٦ منداڵیان قەباری سەری گەورەترە لە قەبارەی ئێسقانی حەوزی دایکی و پێویست دەکات لە رێگەی نەشتەرگەری منداڵەکە بهێنرێتە ژیانەوە. بەپێی توێژینەوەیەکی فەرەنسیش، ئەو دایکانەی کە بە نەشتەرگەری منداڵیان دەبێت، سێجار زیاتر ئەگەری مردنیان هەیە وەك لەو دایکانەی کە بەسروشتی منداڵیان دەبێت، ئەمەش بەهۆی مەینی خوێن و توشبوون بە نەخۆشی و زیانەکانی مادە سڕکەرەکەی کە لە دایکەکە دەدرێت.

**تێکچوونی باری دەروونیی ژن لەکاتی چوونی بۆ ژووری نەشتەرگەری کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر خۆی و کۆرپەلەکەی جێدەهێڵێت**

**یەکەم منداڵم لەدەست دا، پاش ئەوەی نەشتەرگەریم بۆ کرا. دکتۆرێکی شارەزا و پسپۆڕیش جەختی لەوە کردەوە کە منداڵکەم سییەکانی پاک نەکراوەتەوە، بۆیە نەژیاوە**

**کەرتی تەندروستی و بەتایبەتی بەشی لەدایکبوون لەوپەڕی خراپیدایەو بەشێوەیەکە تەنانەت بەڕێوەبەرەکانیشیان باوەڕیان بە نەخۆشخانەکانی خۆیان و حکومەت نییە، نموونەی ئەوەش گیان لەدەستدانی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەولێر بوو، کە تەنانەت لە نەخۆشخانەی تایبەتیش رزگاری نەبوو**






پێش دروستبوونی ئەم قەیرانە ئابوورییە کە بەرۆکی کوردستانی گرتووە، دۆخی بژێوی و داهاتی خێزانەکان زۆر باشتر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی زۆری ئافرەتان هەوڵیان دەدا، ببنە خاوەن کار و داهات، یان لانیکەم مووچەخۆرێکی حکوومی بن، یان وەک کارمەندێک لە کەرتی تایبەت دابمەزرێن، لەدوای دروستبوونی قەیرانەکەش ئەو خواستە زیاتر پەرەی سەندووە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ژمارەیەک لە پیاوان ڕێگری لە کارکردنی ئافرەت دەکەن، ئافرەتانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ سەربەستی و سەربەخۆبوونێکی ئابوورییان پێدەبەخشێت و ئەوەش بە بەردەبازێک دەزانن بۆ ئەوەی لە توندوتیژی خێزانی و چاولەدەست بوونی باوک و برا و هاوسەر ڕزگاریان بێت، چالاکانی مەدەنییش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە پێویستە لە بری ڕێگریکردن لە کارکردنی ئافرەتان، هەوڵێ بەرپەرچدانەوەی ئەو دابونەریتە نێرسالارییە بدرێت، کە لەبەردەم نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزیدا لەمپەری گەورە دروست دەکات. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاوسەرنجی خۆیان بۆ گەڵان دەخەنەڕوو.

«سروشتی ئافرەت وایە دەبێ ماڵداری بکات و ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ بگرێتەئەستۆ، چونکە ئەو خێزانەی هاوسەرەکەی لە دەرەوە کار دەکات، ماڵەکەیان دوچاری پەرتەوازەیی دەبن و منداڵەکانیان ئاوارەی دایانگەکان دەبن، بۆیە هیچ پێویست ناکات ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ کار بکات».

ئەوە قسەی نەریمان ئەحمەدی تەمەن (٤٩) ساڵ بوو. ئەو پیاوێکی کاسبکارە و دووکانی خۆی هەیە و وەك خوی باسیکرد، باری ئابووری و داهاتی «زۆرباشە»و چوار منداڵیشی هەیە. نەریمان دەڵێت: «پیاو دەبێ بژێوی ژیان بۆ خێزانەکەی دابین بکات، ئافرەتیش پێویستە چاودێری منداڵەکانی بکات، فێری پەروەردەیان بکات، ئەوانەی ژن وپیاو لە دەرەوە کار دەکەن، منداڵەکانیان لە زۆر شت بێبەشن.» گوتیشی: «دایکی منداڵان ئامادەیی تەواو کردووە و زۆر جار داوای کردووە، دابمەزرێت، یان لەدەرەوەی ماڵ کار بکات، بەڵام ن رەتم کردووەتە، بەهیچ شێوەیەك بەوە رازی نەبووم و نابم».

ئەو پیاوانەی رازی نابن هاوسەریان لە دەرەوەی ماڵ کار بکات، ژمارەیان کەم نین. ئەوەتا رێزان عەبدوڵڵای تەمەنی (٣١)ساڵ کە مامۆستای قۆناغی سەرەتاییە، دەڵێت «ئەوانەی دەژنە بەر دەخوێنن، ئامانجیان ئەوەیە دوارۆژێکی باش بۆ خۆیان دابین بکەین، جا چ کچ بن، چ کور، مانای نییە کەسێك بۆ ماوەی (١٦) ساڵا بخوێنێت، دواتر رێگری لە کارکردنی بکرێ، ئەوە ئەو پەڕی ستەمکارییە. منیش هاوسەرەکەم بەردەوام داوام لێدەکات دەستبەرداری مامۆستایەتی بم، بەڵام هەمیشە رەتم کردووەتەوە، دەمەوێ لەسەر پێی خۆم بژیم و بەئارەزووی خۆم کەلوپەل بکڕم، ئەگینا دەبێ چاوم لەدەستی هاوسەرەکەم بێت، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی گرانی بازاڕو سەختبوونی ژیانی ئێستای خێزانەکان و کرانەوەی دونیا بە رووی جیهان و یەکسانی نێوان تاکەکان لە ئەرك و مافەکانیان، ئافرەتانیش دەبێت شانبە شانی پیاوان کاربکەن، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە پیاوان پێیان ناخۆشە هاوسەر یان کچیان لە دەرەوەی ماڵ کاربکەن و رێگەیان پێنادەن.» ئەو مامۆستایە جەختی لەوەش کردەوە کە «لەم رۆژگارە بژێوی خێزان زۆر سەخت بووە، پیاو بە تەنیا باڵ بەهیچ راناگات، لەوانەشە بە هۆی نەبوونی کێشەو گرفت بکەوێتە ناوخێزان، بۆیە کارکردنی ئافرەت دەتوانێت هاوسەنگییەك دروست بکات.»

نەرمین حازم ئافرەتێکی خاوەن بڕوانامەیە و دایکی سێ منداڵە، ئەو لە دەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت: «غەدرە رێگری لە کارکردنی ئافرەت بکرێت، ئێمەی ئافرەت ئەگەر کارمان هەبێت و خاوەن مووچە و داهاتی خۆمان بین، هەر ئەوە لە توندوتیژی خێزانی و چاولەدەست بوونی باوك و برا و هاوسەر رزگارمان دەکات.» نەرمین خۆی بە ئافرەتێکی «مەغدوور» دەزانێت و دەڵێت: «تەمەنێك سەرقاڵی خوێندن بووم، دوای ماندووبوونێکی زۆر دامەزرام و وەك فەرمانبەر مووچەیەکم وەردەگرت، دەمتوانی پێداویستییەکانی خۆمی پێ دابین بکەم و چاوم لە دەستی کەس نەبێت، بەڵام کاتێك هاوسەرەکەم هاتە داوام گوتی: دەبێ دەوام بەجێ بهێڵیت، ئەو دەوڵەمەندبوو، لەگەڵ ئەوەش من باوەڕم وابوو ژن دەبێ داهاتێکی هەبێت، بەڵام هەر رازی نەبوو. منیش بەو مەرجە دەستبەرداری کارەکەم بووم کە مانگانە مووچەیەکی هاوشێوەی مووچەکەم بۆ ببڕێتەوە، دوای سێ ساڵ هاوسەرەکەم دوچاری زەرەر بوو، هاتەوە سەرساجی عەلی، لەگەڵ ئەوەش ماڵی خەزوورم ناهێڵن بگەڕێمەوە بۆ دەوام، دەڵێن ژن بۆ خزمەت و مەتبەخ باشە، چۆن دەبێ ژن مەعاشخۆر بێ، ئەرکی لەسەر پیاوە، بۆیە دەوامەکەشم لە دەست چوو.»

لەگەڵ ئەوەی کە بەشێك لە پیاوان رێگرن لەبەردەم کارکردنی هاوسەر و کچی خۆیان، بەڵام ئەو پیاوانەش کە رای پێچەوانەیان هەیە، کەم نین. ئەوەتا سەردار محیەدین کە تەمەنی ٣١ ساڵەو پاسەوانی دارستانە، دەڵێت:

هاوسەرەکەم وەك فرۆشیاری جلوبەرگی ئافرەتان کاردەکات، منیش هەمیشە پشتیوانیم کردووە، مووچەکەی من کەمە و ناتوانم بەتەواوی بژێوی ماڵەوە دابین بکەم، سەرەتا ماڵی باوکم لەدڵیان ناخۆش بوو بووکەکەیان کار بکات، منیش گوتم: کێ مووچەیەکم بۆ دابین بکات، رێگە بەکارکردنی هاوسەرەکەم نادەم، کەس ئامادە نەبوو، هیچیش عەیب نییە ژن و پیاو پێکەوە کار بکەن، ئەو رۆژانەش کە من لە ماڵەوەم زۆربەی کارەکانی ماڵەوە ئەنجام دەدەم و زۆر لە یەکتری رازین و لە خوا بەزیاد بێ لە هیچ کەممان نییە.»

ئالان فارس کۆمەڵناسەو رێگرییەکانی خێزان لە کارکردنی ئافرەتان بۆ «زاڵبوونی دابونەریتی کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە «لەو وڵاتانەی یاساو پیشەسازی لە لوتکەدایە، دەسەڵاتی ژنو پیاو بەیەکسانی رەچاوی تواناکانیان دەکرێ، بۆیە ئافرەتانیش بەشێکن لەهێزی کاری وڵات و کەسێك رێگر نییە لەبەر دەمیان بۆ کارکردن، بەڵام لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا باوکسالاریو یاسای دابونەریت زاڵە لەسەر خێزان و جێگەی یاساکانی مەدەنیو مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، ئەوانە بوونەتە لەمپەر لەبەردەم کارکردنی ئافرەت و تێڕوانینی وەها لای پیاوەکان دروست کردووە، کە چوونە دەرەوەی ئافرەت مانای دەست واڵابوونی ئافرەتەو ناتوانێ خۆی بپارێزێ، بەتایبەتی لەدەستدرێژییەکانی پیاوان، بەڵام لەکوردستان کارکردنی ئافرەت بە بەراورد لەگەڵ ٣٠ ساڵ بەر لەئێستا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە و ئافرەتان شانازی بەوەدەکەن دەتوانن ببنە خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ، پیاویش بە زۆری رێگرییان لێ ناکەن.»

چیمەن عەلی چالاکی بواری مافی مرۆڤە و سەبارەت بە هەمان پرس بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی: «کاتێ باسی بەها و ماف و ئەکەکانی مرۆڤ دەکەین، ئەوا هەردوو رەگەز دەگرێتەوە و دەبێت لە هەموو ئەوانەدا جیاوازی رەگەزی بەلاوە بنرێت، بەتایبەتی کارکردن و بوون بە خاوەن داهات کە مافێکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە. ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا بێکاربوونی ئافرەت جۆرێکە لە عەیبە، نەك کارکردنی، ئەو جۆرە رێگرییانە تەنیا لە وڵاتانی دواکەوتوودا وەك نەریتێك ماوەتەوە، بە پێچەوانەوە کارکردنی ئافرەت خێزانێکی بەختەوەرتر و خوشگوزەرانتر دروست دەکات، بۆیە پێویستە لە بری رێگریکردن لە کارکردنی ئافرەتان، هەولێ بەرپەرچدانەوەی ئەو دابونەریتە نێرسالارییە بدرێت، کە لەبەردەم نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزیدا لەمپەری گەورە دروست دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئافرەتێکی مامۆستا:

**مانای نییە کەسێك بۆ ماوەی (١٦) ساڵا بخوێنێت، دواتر رێگری لە کارکردنی بکرێ، ئەوە ئەو پەڕی ستەمکارییە**

ئافرەتێکی ماڵەوە:

**کارکردنمان لە توندوتیژی خێزانی و چاولەدەست بوونی باوك و برا و هاوسەر رزگارمان دەکات**

کۆمەڵناسێک:

**یاسای دابونەریت زاڵە لەسەر خێزانەکان و جێگەی یاساکانی مەدەنی و مرۆڤایەتی گرتۆتەوە**

پیاوێکی کاسبکار:

**کاتێک دایکێک کاردەکات منداڵەکانی ئاوارەی داینگەکان دەبن**

چالاکی مەدەنی:

**لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا بێکاربوونی ئافرەت جۆرێکە لە عەیبە، نەک کارکردنی، ئەو جۆرە رێگرییانە تەنیا لە وڵاتانی دواکەوتوودا وەک نەریتێک ماوەتەوە**